# جاشك



Lindiwe Matshikiza
Meghan Judge
Agri Afshin
3
کوردی ckb



بۆ یەکەم جار کچێکی بچووك بوو کە لە دوورەوە دارەیەکی گوڵاوی بینی.



کاتێك کەم، کەمێڕەیەکە نزیك بۆوە، ئەو بینی کە ژنێکی دووگیانە.



بە شەرمەوە، بەڵام ئەو ژنانەی کچە بچوکەکە لە ژنەکە نزیك بۆوە. ئەوانەی کە لەگەڵ کچە بچوکەکە بوون بڕیاریاندا: “ئێمە دەبێ ئەو لێرە لە لای خۆیان بهێڵینەوە. ئێمە دەبێ خۆی و منداڵەکەی بپارێزین.”



منداڵەکە کاتی لەدایکبوونی بوو. “دڵی پێوە نێ!” “چرۆکە بێنە!” “ئاو!” “دڵی پێوە نێ!”



کاتێ ئەوان منداڵەکەیان بینی، هەموویان بە سەرسامییەوە کشانەوە.

“گوێدرێژێک؟”



هەموویان دەستیان کرد بە دەمەقاڵێ کردن. هەندێکیان گوتیان: "ئێمە گوتمان دەبێ پارێزگاری لە دایک و منداڵەکە بکەین، دەبێ ئەو گرەش بکەین"، بەڵام هەندێکیشیان گوتیان: "ئەمانە نەهامەتی دێنن!"



بەم جۆرە بوو کە ژنەکە دووچارە بێکەس هیەوە. ئەو نەیدەزانی کە دەبێ چی لەم منداڵە سەیرە بکات. ئەو نەیدەزانی ئەی خۆی دەبێ چی بکات.



بەڵام لە کۆتاییدا دانی بەوەدلا کە ئەو منداڵە، منداڵی خۆیەتی و ئەویش دایکییەتی.



ئەگەر قەبارەی منداڵەکە هەر ئەوەندە چکۆلە هبیەوە، لەوانەیە هەموو شتێك جیواز بووبێ. بەڵام جشکەکە همێ دەهات گەورەو گەورەتر دەبووە وای لێهات بە کۆڵی دایکی هەڵنەدەگیرا. لەگەڵ ئەوەی زۆر بە سەختی هەوڵی دەدا، بەڵام نەیتوانی وەکوو مرۆڤێك ڕەفتار بکات. دایکی زۆرجار شەکەت و هندوو دەبوو بەدەستییەوە. هەندێ جرئچری دەکرد جۆرە کارێك بکات کە کاری ئژەڵان بوو.



گێژبوون و توڕەیی لەناخی گوێدرێژەکەدا دروست ببوو. ئەو نەیدەتوانی ئەم کارە بکات و ئەو نەیدەتوانی ئەو کارە بکات. ئەو نەیدەتوانی وەك ئەم بێت و ئەو نەیدەتوانی وەك ئەو بێت. ئەو ئەوەندە تووڕە بوو ئەوەی کە ڕۆژێك بە لوشکەیەك دایکی بە زەوی دادا. :



گوێدرێژەکە شەرمەزار بوو. ئەو هەڵات و هەڵاتوانی بە خێرای دوور کەوتەوە.



کاتێک ئەو لە خاردان ڕاوەستا، شەو داهاتبوو، و گوێدرێژەکە ڕێی ون کرد بوو. ئەو لەتاریکیی دا دەیزەڕاند: “هی ها!” و دەنگی دەدایەوە. ئەو تەنیا بوو. ئەو خۆی وەک تۆپێک گلۆڵە کرد و چووەناو خەوێکی قووڵ و ناخۆشەوە.



گوێدرێژەکە کە لە خەو هەستا، پیاوێکی پیری بینی کە لەسەر سەری چاوی تێوەبڕیوە. ئەو تەماشای چاوەکانی پیرەمێردەکەی کرد و هەستی بە تروسکەیەکی هیوا کرد.



گوێدرێژکە رۆیشت تا لەگەڵ پیرە پیاوەکە بژی، ئەو زۆر ڕێگەی جیاوازی بۆ ژیان کردن فێر کرد. گوێدرێژەکە گوێڕایەڵی کرد و فێر بوو، پیرە پیاوەکەش هەر وای کرد. ئەوان حورمەتی یەکتریان دەدا و پێکەوەش پێدەکەنین.



بەرەبەیانیەک پیرەوە پیرەکە داوای لە کەرەکە کرد کە بە سواری بیبات بۆ سەر لوتکەی چیایەک.



له سەرەوە و لەناو هەورەکان خەویان لێکەوت. گوێدرێژەکە خەوی بە دایکییەوە بینی کە نەخۆشە و بانگی دەکات. لەو کاتەدا ئەو لە خەو هەستا...



هەورەکان دیارنەبوون، هەروەها هەورێکەشی، پیرە پێوکە.



گوێدرێژەکە سەرئەنجام تێگەییشت کە دەبێ چی بکات.



گوێدرێژەکە دایکی دیتەوە کە تەنیا بوو، و پەرۆشی لەدەستدانی منداڵەکەی بوو. بۆ ماوەیەکی زۆر چاویان لە یەکتری بڕی. پاشان زۆر بە گەرمی ئامێزیان بە یەکتریدا کرد.



جشکەکە و دایکی بەیەکەوە گەورە بوون و پێکەوە ڕێگای زۆری جۆراوجۆریان بۆ ژیان دیتەوە. وردە، وردە، بنەماڵەی دیکەش هاتن و لە دەوروبەری ئەوان نیشتەجێ بوون.

# Global Storybooks

globalstorybooks.net

## جاشك


Lindiwe Matshikiza
Meghan Judge
Agri Afshin


CC BY